KURDISTAN NET
کوردستان نێت
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 10-4-2007 23:22

# دوایین هەڕەشە و خۆ گێف کردنەوەکانی تورکیا لە کورد ... تاریق ئەحمەد

پاش چاوپێکەوتنەکەی بەڕێز سەرۆکی هەرێم لەگەڵ کەناڵی ئەلعەرەبیە تورکیا کێچ کەوتۆتە کەوڵی، ئەوەتا ڕاستەو خۆ لەسەر زاری سەرۆك وەزیرانەکەیەوە هەڕەشە ئەکات گوایە توڕەیی تورکیا ئەورووژێنن و ئەیەوی بەم قسانە بمان ترسێنێت، میللەتی کورد و سەرکردایەتیە لێهاتوەکەی خاوەن تەجروبەیەکی زۆرە لەم جۆرە هەڕەشانە، تورکیا ئەگەر لەم هەڵوێستەی خۆی بەردەوام بێت بەبڕوای من یاری کردنە بەئاگر، ئەو پرۆگرامەی تورك پیلانیا ن بۆ داناوە کە ئەیانەوی لاسایی ئێران بکەنەوە لە خۆ دەرخستن و سەنگ پەیدا کردن لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کە ئەمەش بە زیانی خۆیان تەواو ئەبێت پلانەکانیان هەرزوو لەبار ئەچن لەبەر چەند هۆیەك، یەکەم تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا ئەندام نیە رۆژانە هەزار ئەملاو ئەولا ئەکات بۆ چونە ناو ئـەم یەکێەتیە ئەگەر لەم هەڵوێستی خۆی بەردەوام بێت ئەوا هەرگیز ئەم دەرگایەی بەڕوودا ناکرێتەوە، دووەم تورکیا لەشەری دژە کوردا زیانی ئابوری یەکجار گەورەی لێکەوتوە بەتایبەتی لە بواری گەشت و گوزاردا کە لە دوایین ڕاپۆرتیادا هاتوە ڕێژەی گەشتیاری بۆ ئەو وولاتە 30% کەم بۆتەوە ئەمەش بە هۆ ی چەند چالاکیەکی جەنگاوەرانی کورد لەناو جەرگەی ئەو ولاتەد هەروەها بڕی ئەپارانەی کە بۆ جەنگی دژە کورد تەرخان کراوە بەڕێژەی 42% زیادی کردوە، سێیەم تورکی ا دۆستێك ی ستراتیژی ئەمریکایە لە ناوچەکە ئەبێت ئەوەش بزانین کە کوردستانی عێراق ئێستا پەیوەندیەکی توند و تۆڵی هەیە لەگەڵ ئەمریکادا و ئەمریکاش بمانەوێت نەمانەوێت پێویستیەکی زۆری بەم هەرێمە هەیە بە ئاسانیش دەستبەرداری نابێت بۆیە ئەگەر تورکیا ئەم هەڵوێستە دوژمن کارانەیەی واز لێنەهێنێت ئەوا دوور نیە دۆستایەتی ئەمریکای لەدەست بچێت، چوارە م تورکیا ئەگەر بیەوێت کێشەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بە هێز چارەسەر بکات ئەوا ڕوبەڕوی سەدان هەزار چەنگاوەری کورد ئەبێتەوە لـە هـەر چوار پارچەی کوردستان، پێنجەم جوگرافیای کوردستان ناوچەیەکی شاخاوی سەختە کە داگیر کردن و کۆنترۆڵ کردنی ئاسان نیە بێگومان سەرکردایەتی سەربازی تورکیا ئەمە باش ئەزانن کە ناتوانن

کۆنترۆڵی ئەم ناوچەکە بکەن ئەگەر هەڵەی وابکەن ئەوە دڵنیان توشی گەورەترین شکست ئەبنەوە باری ئابوری تورکیا ئەوەندەی تر بەرەو داتەپین ئەچێت. بۆیە من وائەزانم ئەم خۆگێف کردنوەیەی تورك تەنها قسەیەو هیچی تر نا.

cptchnkar@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.